چین پلانی هەیە نموونەی خاک و خۆی هەساری مەریخ بهێنێتەوە زەوی بە توژینەوە



تاقیگەیەکی بەدواداچوونی بەشایی ئاسمانی چین ئاشکرایکرد کە چین بەدوای ئەرکێکی گەورەدایە بە کێکردنەوەی نموونەی خاکوخۆ لە هەساری مەریخ و هێنانی بە زەوی تا ساڵی 2031.

لە راگەیەندراوی تاقیگەکەدا هاتووە، کە ئەم ئەرکە ناوی "تیانوەن-3"یە و لەنزیک ساڵی 2028دا دوو هەڵدانی یەک لەدوای یەک ئەنجامدەدرێت وەک تاقیکردنەوەیەک بە سەرکەوتنی ئەو ئەرکە، ئامانجی ئەرکەکە نیشتنەوەیە لەسەر هەساری مەریخ، بە کێکردنەوەی نموونەی خاک و خۆ لەهەمان شوێنی نیشتنەوەی ئەو کەشتیە کە بیارە لەسەر مەریخ بنیشێتەوە، پاشان گەڕاندنەوەیان بە زەوی لە پرۆسەیەکی یەکخراودا بە توژینەوە و سوودوەرگرتن لەو نموونانە.

تیمی زانایان و توژەران بەسەرپەرشتی توژەر "تسنگ چیان" پلانی ستراتیجی خێیان بە ئەم کارە ڕاگەیاند کە چەند هەنگاوێکی تایبەت لەخۆ دەگرێت وەک دیاریکردنی شوێنی دەرهێنانی نموونەکان و دیاریکردنی کوالێتیان و هەروەها چۆنیەتی کێکردنەوە و سوود وەرگرتن لێیان.

بەگوێرەی ئەو توژەرانەی کە بەشدار دەبن لەو ئەرکەیە، 86 شوێنی نیشتنەوە دیاریکراون کە لە ناوچە دەرینەکانی "کریس پلانیتیا" و "یوتۆپیا پلانیتیا" دیاریکران، کە دوو ناوچەی جیان لەسەر هەساری مەریخ.

ئەم دوو ناوچەیە ژینگەی جیۆلۆجی جەراوجەر لەخۆ دەگرن لەوانە سەربانی مەریخ، هەروەها قوڵایی و دەڤەکانی هەسارکە، کە وایان لەدەکات شوێنکی نموونەیی بن بۆ لێکۆڵینەوە و پاراستنی ئەگەرەکانی ژیانی کۆن.

تیمەکە هەروەها جەختیان لەسەر گرنگی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو کردەوە بۆ کۆکردنەوەی نموونە لەسەر ڕووی مەریخ و قووڵاییەکەی و جەختیان لەسەر پێویستی پەرەپێدانی ئامرازی مەدەرن کردەوە کە تایبەت بێت بە دەزینەوەی نیشانەی ناوچە زیندووەکان، هەروەها بڕوانیان دا لێکۆڵینەوە بکەن لە چێنیەتی ناساندنی ئەم هەمایانە و شوێنکانیان و چێنیەتی پاراستنیان.

شایەنی باسکردنە، ئەو ئەرکە کە بە تیانون-3 "3-Tianwen" ناسراوە، لەلایەن ڕۆکخراوەی هاوکاری نێودەوڵەتی هاوکاری دەکرێت و چین لەگەڵ زانایانی جیهان کار دەکات بۆ لێکۆڵینەوە لە نموونە و داتای دەزینەوە.

جگە لەم ئەرکە، چین پلانی بۆ ئەنجامدانی ئەرکێکی دیکە بەناوی تیانون-4 دادەنێت بۆ دەزینەوەی سیستەم و مانگەکانی هەسارەی موشتەری، بە ئامانجی لێکۆڵینەوە لە مەژووی پەرەسەندنەکەی.